## پڕۆژە قانونی بە پشووی فەرمی نەناساندنی ڕۆژی (١/٦) کە دەکاتە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

بە پشووی فەرمی نەکردنی رۆژی ١/٦.

**ماددەی دووهەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم قانونە جێ بە جێ بکەن.

**ماددەی سێهەم:**

کار بە هیچ قانونێك ناکرێت، ئەگەر لەگەڵ دەقێکی حوکمەکانی ئەم قانونە ناکۆك بن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم قانونە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

هەر لە دامەزراندنی سوپای عێراق لە ١٩٢١/١/٦ بە بەردەوام هێرشی وێرانکاری خاکی کوردستان و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستانەوە دەیە لە دوای دەیە پیشەی ئەم سوپایە بووە. هەر بۆیەش بە مەبەستی دژایەتی کردنی هیچ کەس و لایەنێك نا، بەڵکو بۆ ڕێز لێنان لە نەهامەتی گەلی کوردستان و شەهیدە سەربەرزەکانمان ئەم قانونە دەرچوێنرا.